# بەرنامەی هاوبەشی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان
# بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی (1991) ی جەماوەری گەلەکەمان و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری باشووری کوردستان، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، زەمینەیەکی بابەتیی و خودیی لەباری بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕەخساند. ئەوە بوو، ڕۆژی (1992/5/19) لە هەڵبژاردنێکی مێژوویی بێ وێنەدا، ئەو پەرلەمانە هەڵبژێردراو دواتریش، لە( 1992/7/4 ) دا، حوکوومەتی کوردستان پێکهات. بەداخەوە، بە هۆی سەپاندنی ڕێژەی( 7%)، ژمارەیەک لە حیزبەکان و سەربەخۆکان نەیانتوانی، بگەنە پەرلەمان، ئەمەش پەرلەمانێکی (فیفتی- فیفتی) و ئیفلیجی لێ کەوتەوە، کە تا ئەوڕۆش، لە وێستگە چارەنووسسازەکاندا نەیتوانیوە، بەکردەوە پەرلەمانێکی کارا ، بە دەسەڵات و نوێنەری گەلی کوردستان بێ.

ئەوڕۆ، دوای(12) ساڵ لەو ئەزموونە، دەرفەتێکی دیکە، بۆ گەلی کوردستان هاتۆتەپێش، لە تەک هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، سەرلەنوێ پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێتەوە. بۆیە لێرەدا، بوونی پەرلەمانێکی کوردستانیی فرەلایەنیی بە دەسەڵات، کە لە توانایدا بێ، وەک نوێنەرێکی ڕاستەقینەی گەل، کێشە هەڵواسراوە چارەنووسسازەکانی کوردستان، بە ئاقاری سەربەخۆیی کوردستان یەکلاییبکاتەوە.

لەم هەڵبژاردنەدا، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەربەخۆکان، بۆ هێنانەدی پەرلەمانێکی لەم چەشنە تێدەکۆشن. بۆ ئەم مەبەستەش، بە لیستێکی جیاواز لە لیستی (یەکێتیی، پارتیی و لایەنەکانی دیکە) بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن. زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان پێیانوایە، بوونی لیستێکی جیا لە تەک لیستی هاوبەشی حیزبەکان و لیستەکانی دیکەدا، پرۆسەکە دەوڵەمەندتر دەکا، ڕوویەکی شارستانیی و دێمۆکراسیی پێ دەبەخشێ، چونکە وەک ئاشکرایە، تەبایی، یەکێتیی و یەکریزیی گەلەکەمان، لە هەموو کاتێکدا، تەنیا بە دێمۆکراسیی دەپارێزرێت و گەشەی پێدەدرێت.

لە کاتێکدا، زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان، بەرنامەی خۆیان بۆ هەڵبژاردن بەم شێوەی خوارەوە دەخەنە ڕوو، لە هەمان کاتیشدا، داوا لە سەرجەم گەلی کوردستان دەکەن، دەنگ بۆ لیستەکەیان بدەن.

## بواری ڕامیاریی

1- دانیشتوانی کوردستان، لە ڕێی ریفراندۆمێکی ئازادانەوە، بڕیار لەسەر چارەنوسی ڕامیاریی خۆیان بدەن.

**2-** پەرلەمانی کوردستان، خاوەنی سەروەریی تەواو، دەسەڵات و بڕیاری سەربەخۆی خۆی بێ.

**3-** دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، ڕاپەراندن و دادوەریی) لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا، بەکردەوە جیابکرێتەوە.

**4-** کەرکووک، خانەقین و سەرجەم ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکە، بۆ سەر سنووری ڕاستەقینەی کوردستان بگەڕێندرێنەوە.

**5-** سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، بێ گوێدانە ڕەگەز، ئایین و بیروڕایان، لە بەردەم یاسادا لە ئەرک و مافەکانیاندا، هاووڵاتیی یەکسانن.

**6-** بنەماکانی دێمۆکراسیی لە ژیانی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییدا بچەسپێندرێ و کاریپێبکرێ، ڕێز لە ئازادیی ڕادەربڕین بگیرێ.

**7-** دەزگەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پێکبهێنرێ.

**8-** شاری کەرکووک، وەک پایتەختی کوردستان بناسێنرێ.

**9-** پشتگیریی لە خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بکرێ.

10- سنووری باشووری کوردستان، بە گوێرەی بەڵگەنامە مێژووییەکان، دیارییبکرێ و دانیپێدابنرێ.

11- تەمەنی خۆپاڵاوتن بۆ پەرلەمان، ئەنجوومەنی پارێزگە و شارەوانیی، بۆ 21 ساڵ دابەزێنرێ.

12- هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە دەزگەیەکی سەربازیی نیشتمانییدا یەکخرێتەوە و ئەرکی پارێزگاریکردنی سەروەریی کوردستان پێ بسپێردرێ.

13- کوردەکانی هەندەران، لە چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە نەتەوەیی، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی گەلەکەمان، بەشێکی دانەبڕاو و کاران.

14- بەدواداچون و دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی کوردستان و قەرەبوو کردنی زیانلێکەوتوانی کوردستان.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بواری ئابووریی

1- بودجەی کوردستان، بە پێی داهاتی ساڵانە دەستنیشانبکرێ.
2- بودجە و داهاتی ساڵانە، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشبکرێ، ڕوونیی لە خەرجکردن و خستنەڕووی ئەو بودجەیەدا هەبێ، پێویستیی خزمەتگوزاریە گشتییەکان ڕەچاوکرێ.
3- بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیی، دەستەیەکی باڵای پسپۆڕ و سەربەخۆ پێکبهێنرێ، ئەرکی چاودێریکردن، بەدواداچوون و لێپێچینەوەی دارایی و دەسەڵاتی لێپرسینەوەی هەبێ.
4- بازاڕ لە پاوانخوازیی ڕزگارکرێ، وەبەرهێنان و هێنانی سەرمایەگوزاری دەرەکیی بۆ کوردستان هانبدرێ.
5- بەرنامەیەکی دارایی ئەوتۆ دابڕێژرێ، کە بتوانێ، کۆنترۆڵی (نرخ، بازاڕ، گوزەران........) بکا.
6- وەزارەتی نەخشەسازیی گشتیی، بۆ بەرنامەڕێژیی گەشەپێدان لە کوردستاندا پێکبهێنرێ.
7- کردنەوە و گەشەپێدانی پیشەسازیی و سەرمایەگوزاریی نیشتمانیی هانبدرێ.
8- بایەخ بە گەشتوگوزار بدرێ، هاوینەهەوارەکان وەک سەرچاوەیەکی دارایی و سامانێکی نیشتمانیی بەکاربهێنرێ.

## بواری کۆمەڵایەتیی

1- ڕۆڵی لاوان لە بواری ڕامیاریی و بەڕێوەبردندا بەهێزبکرێ، پێداویستیەکانی (وەرزش، زانست، هونەر...) دابینبکرێ.
2- سەرجەم مافەکانی ئافرەتان لە ناو دەقە یاساییەکاندا دەستەبەر و یەکسانبکرێ.
3- هەلی کارکردن بۆ هەمووان بڕەخسێنرێ، یاسای کار دابنرێ و بیمەی بێکاریی دابینبکرێ.
4- دادی کۆمەڵایەتیی دەستەبەربکرێ، بژێویی چەوساوەو نەداران باشتربکرێ.
5- سیستمی پەروەردە و فێرکردن، لەسەر بنەمایەکی هاوچەرخانەی زانستانەی دیموکراسیی و نیشتمانیی دابڕێژرێ.
6- پرۆگرامی خوێندن، بە شێوەیەکی هاوچەرخانە دابڕێژرێتەوە، چاکسازیی لە چۆنیەتی وەرگرتنی خوێندکار لە خوێندنی باڵا، زانکۆ و پەیمانگاکاندا بکرێ.
7- میکانیزمێکی مۆدێرن بۆ ئاوەدانکردنەوە و نوێکردنەوەی شار و گوندەکانی کوردستان دابنرێ.
8- کێشەی زەویی چارەسەربکرێ و یاسایەکی گونجاو بۆ باری جوتیاران دابنرێ.
9- پلانێکی زانستانە، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون دابنرێ.
10- زیانلێکەوتووانی قوربانیانی(چەکی کیمیاویی، ئەنفال، بنەماڵەی گیانبەختکەران، زیندانیانی ڕامیاریی، دوورخراوەکان، کەمئەندامان...) قەرەبوو بکرێتەوە.
11- چاکسازیی لە سیستمی موچەدا بکرێ.
12- ژینگەی کوردستان لە پاشماوەی مین و چەکی کیمیاویی خاوێنبکرێتەوە.
13- یاسایەکی تایبەت بە مافی منداڵ دابنرێ و کارکردن بە منداڵان قەدەغەبکرێ.
14- ژیانی ئاسودە و شوێنی حەسانەوە بۆ پیر و پە ککە وتە کان دابینبکرێ.

## بواری ڕۆشنبیریی

1- هەلی گونجاو، بۆ گەشەسەندنی داهێنانی نووسەر و ڕۆشنبیران بڕەخسێنرێ.
2- فۆڵکلۆر و کەلەپووری نەتەوەکەمان کۆبکرێتەوە و بپارێزرێ، زمانی یەکگرتووی کوردی یەکبخرێ.
3- شوێنەوارە مێژووییەکان بپارێزرێ.
4- میدیای ئازاد هانبدرێ و هەلی گونجاوی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنرێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com